# ئێواره خوانێكی رۆژو شكاندن
# بۆ زیندانیانی چاكسازی نەوجەوانان
# سازدرا



دوێنێ ٢٠٠٧/١٠/٣ بە بۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە، وەزارەتی ماڤ مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەرێوەبەرە گشتیەكانی هەر دوو وەزارەتی ماڤ مرۆڤ و كار وكاروباری كۆمەلایەتی ئێوارە خوانێكی رۆژو شكاندنی بۆ بەندییەكانی چاكسازی كۆمەلایەتی لە هەولێر سازدا...

لەم ئێوارەخوانەشدا وێرای ئەوەی كە هیوایان خواست بۆ ئەو بەندییانەی ئەو ماوەیە بەسەر دەبەن بۆیان ببێتە تاقیكردنەوەیەكی سوودبەخشانە بۆ داهاتووی ژیان و سەر لە نوێ دروستكردنەوەی بەرنامەكانی كاری رۆژانەیان و لە دوارۆژدا ببنە كەسێكی دیار و سود بەخش بۆ گەل و كوردستانەكەیان، داواشیان كرد لەم ماوەی زیندانیكردنیان لە وەرشەكانی كاركردن كە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەلایەتی لەم بەندیخانەیە دروستیكردوە سوودمەند بن و فێری ئەو كارانە ببن كە لە وەرشەكاندا هەیە تا لە كاتی تەواو كردنی حوكمەكانیان و ئازادبوونیان لە دەرەوە برەو بەم كارە بدەن لە پێناوی خۆشگوزەرانی ژیانیان.

هەر لە میانی ئەم بۆنەیەدا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ هۆڵی بەندییە ژنەکانی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە گوێی لە کێشە و پێشنیار و راسپاردەکان گرت و هیواشی خواست کە هەرچی زووە بگەڕێنەوە ناو خانەوادەکانیان و کۆمەڵگا تا سەر لە نوێ ژیانی تازەیان بە رۆحێکی چاکسازییەوە دەستپێبکەنەوە...

شایانی باسە وەزارەتی مافی مرۆڤ بڕیارە هەمان ئێوارەخوانی رۆژوشکاندن بۆ بەندییەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی و دهۆکیش ئەنجامبدات.

